کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-6-2007 14:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سڵاوت لێبێت راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی، ئەم کاتەت باش ... تارا خۆشناو

کاتێك کوردستان نێتم کردەوە و بینیم راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی نوسینی هەیە، یەکسەر هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو ووتم ئەلحەمدولیلا وا خەریکە راگەیاندنەکەی وەزارەتی تەندروستی پی دەگرێت، چونکە تاوەکو ئێستا ساڵێکە یەکەمین جارە بینیم ئەم راگەیاندنە نقەی لێوە بێت. ئەم راگەیاندنە لە ناو وەزارەت تەنها لە قاتی سەرەوە شوێنێکیان داگیر کردووە هیچی تر گەروانیە وا نزیکەی ساڵێکە دونیا لۆکەی ناوەتە گوی لە گەندەڵی ئەم وەزارەتە، کە هەرجارەو کۆمەڵە دەفتەرێك کەشف بووە بەرێز تاوەکو ئێستا ئێوە لە کوی خەوتبوون وەڵامتان نەدەدایەوە، من زۆر دلخۆشم بەم نوسینانەی راگەیاندنی وەزارەت چونکە لە من بلاو کردنەوەی تەندەرو گەندەڵی و لە ئێوەش وەلام کە وەلامەکانیشتان وەك بلۆقی سەرئاو وایە و هیچی تر. خۆشەویستانی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی، من باش دەزانم کە جەنابتان نە لەبەر بە توانای و لێهاتوویی لەوێدا دانیشتوون وە نە ئیعلامیەکی باشن، بەڵکو بە پێی یاسای ئەزبەنی گەورەم لەوێدا دانیشتوون. بۆ سەلماندنی ئەم راستیەش با خەڵکی هەولێر بچن پرسیار لە هەموو پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانەکان بکەن و بزانن ئایا ئێوە لەبەر بەتوانایی لەوێدا دانیشتوون یاخود بۆ قایمکردنی سەنگەری گەندەڵی یە. بەرێزانم من دەمەوێت چەند سەرنجێکتان بدەمی لەسەر ئەو بابەتانەی کە بڵاوتان کردووەتەوە، لەسەر خستنە رووی چەند بەڵگەیەکی ناو وەزارەت، پێش ئەوەی بچمە ناو وردەکاریەکانەوە من دەڵێم راست دەکەن ئەو نوسراوانە هەیە بەڵام سەبارەت بە ئامێری تیشکەکان یەکێك نرخەکان بخوێنێتەوە شتێك تێدەگات هەروەها راستە د. ئارام داوای ئەو ئامێرەی کردووە بەڵام گرنگ ئەوەیە چ جۆرێکتان بۆ هێناوە گرنگ ئەوە نیە چی کراوەو چەند لێژنە دانیشتووە چەند کەسن چونکە هەموو ئەو دزیانەی کە لەم وڵاتە دەکرێت هەمووی بۆ پەردەپۆش کردن سەدان لێژنەو ئەمسەرو ئەوسەر کراوە بەڵام ئەنجام گرنگە کە ئەویش ئەوەیە کە کام شتی خراپ بە چەند قات لەسەرمان نوسراوە و وە کاربەدەستە دەست پاکەکانیشمان دنیایان کری و تاپۆ کرد لەسەر خۆیان با خەڵکی چیتر بەو لێژنەو شتە بێمانایانە هەڵنەخەڵەتێن بابچن بزانن چیان کریوەو بەچەند کردراوەو لە بازار بە چەندە، راگەیاندنی وەزارەت باس لەوە دەکات گوایا نەخۆشخانەی قەڵاچوالان هیشتا بینایەکەی دروست نەکراوە ئەی بە من ناڵێن ئەم هەموو ئامێرەتان بۆ چی کریوە ئەگەر بینایەتان نیە باشە ئێمە چەند تەندەری ترشمان لەبەردەستدایە کەبایی چەندین ملیون دۆلارە هەر سەبارەت بەو نەخۆشخانەیە کە ئەمانیش چەندین دەفتەری گەندەڵیە بەمن ناڵێن مادامەکی بینایەتان نیە ئەم هەموو ئامێرانەتان بۆ چیە وراگەیاندنی وەزارەت ئەگەر سەیر بکەیت زۆر بە وردی باسی ئامێرەکانی تیشکی کردووە بەڵام بۆ 65 دەفتەرەکە زۆر خۆی لە قەرەی نەداوە چونکە کاتێك گەندەڵیەکەیان کردووە زۆر بە وریاییەوە دەروانن ئەوشتانەی کە لە سنوری هەولێرو دهۆکن بەڵام بۆ سنوری سلێمانی دا بۆ گەندەڵی زۆر بە بێمننەتیەوە دەیکەن، برادەرانی راگەیاندن باس لەوە دەکەن کە گوایا 18 کۆمپانیا پێشکەشی ئەو تەندەرەی کردووە، زۆرم پێخۆشبوو کە ئەم شتانەتان وروژاند، بۆ ئەوەی تیشکێك بخەمە سەری، ئەو کۆمپانیایانەی کەوا جەنابتان باسی لێوە دەکەن هەمووی هی یەك کەسە کەوا بازرگانێکی شاری هەولێرەو ناوەکەی (ع. ق) کە بۆ فرتو فێل وە بۆ وەرگرتنی تەندەر هەڵساوە نزیکەی بیست کۆمپانیای دروست کردووە کە هەمویشی هەر هی خۆیەتی تەنها بۆ شەرعیەتدان بۆ وەرگرتنی تەندەرەکان، چونکە یاسای پرکردنەوەی تەندەرەکان وایە دبێت لەو لیستەدا ناوی کۆمەڵێك کۆمپانیا هەبێت تاوەکو بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مونافەسە بێت بەڵام وادیارە ئەم برادەرە حیلەی لە مونافەسەکردنیشدا کردووە، وە زۆر مەعلانە لەم ئیشانەدا چونکە چەند ساڵێکە ئەم کارە دەکات، دەرمان و ئامێری خراپی تورکیاو ئێران و سوریا نەما نەیهێنێتە ناو کوردستانەوەو بە وەزارەتی نەفرۆشێتەوە، واتە لە هەردوو وەزارەتەکە پێشوشدا هەر ئەم پیاوە دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی هێناوە، کە ئێستاش وا باس و خواستی گەندەڵی هەردوو وەزارەتی پێشوو هەر لە گۆڕییە و خۆ هەر ئەم بازرگانە بو راوە دۆلاری بۆ ئەو دوو وەزیرەی پێشوو دەکرد، خێرە ئێستا لێمان بوون بە شەریفی مەککە وچونکە ئەوەی من بزانم لێژنەی تەندەرانی ئێستا پێکهاتووە لە تێکەڵەی لێژنەی تەندەراتی هەردوو تەندەراتی وەزارەتی پێشوو، بەڵام بە پێ ی قسەی جەنابتان بێت ئەم کەسە دەست پاکانە لە سەرەتای دروست بوونی کابینەی پێنجەوە تۆبەی یەقینیان کردبێت کە چیتر گەندەڵی نەکەن، برادەرانی راگەیاندن ئێوە چونکە ئەو شوێنەی لێی دانیشتوون لەبەر بەتوانیيتان نیە هەربۆیە دەستتان بە کلاوی خۆتانەوە گرتووە با نەبیات ئەگینا زۆر روون و ئاشکرایە کە ئەم گەندەڵیانە کی سەرپەرشتی دەکاتن وە کی دەیکاتن. (ع. ق) ئەوەندە فەقیر نیە نەتوانێت دەمی لێنەیەك پر نەکاتن، کەسێك بتوانێت 18 کۆمپانیای کارتۆنی دروست بکات بۆ تەڵکەبازی ئایا دەبێت شەش حەوت کەسێك چیبێت نەتوانێت بیانگرێت و دەمیان پرنەکات کەوا رۆژانە بە ملیونان دۆلار ئیشی تەندەری پێیانە، ئەم راستیەش هەموو برادەرانی تەندرەکان دەزانن کەوا هەموو کۆمپانیاکان خاوەنەکەی یەك کەسە، بەڵام دەستیان تێکەڵە بگرە رێگەشی بۆ خۆش دەکەن کە چۆن و چی بکاتن. چونکە ئەم بازرگانە ئەمە یەکەم تەندەری نیە نەزانێت چیبکات، ئەمە چەند ساڵێکە ئەمە کاریەتی زۆر شارەزای دەست تێکەڵکردن و فرتو فێڵی تەندەراتە. ئەوەی من زانیبێتم کەوا ئەم لێژنەیە وەرەقەی سپیان بۆ ئیمزا کردووە باشە هەموومان دەزانین کەوا بودجەی وەزارەتی تەندروستی چەندە، کە بە پیی ئیمزاو ئەم شتە قۆرانە بێت شان لەشانی واشنتۆن دەدەین لە بەرێوەبردن، بلام گرنگ ئەوە نیە چونکە خەڵکی هەمووی لەم فرتو فێڵانە تێگەییوە کە چی لەسەر کاغەز دەنوسرێت و پری دەکەنەوە وەك رۆتینێك، کە ئێمە باش دەزانین کەوا ئێوە لە پرکردنەوەی کاغەز و فەرمانەکان و تەندەرەکان و پێکهێنانی لێژنەکان عەیبتان نیە، بەڵام بەرهەم گرنگە ئەم ئمسەرو ئەوسەرە بۆ ئەوەیە کە ئایا چی پێشکەش دەکەن، وەرن خەڵکینە بە چاوی خۆتان ببینن لە نەخۆشخانە چ جۆرە ئامێرێکیان هێناوە، راستە د. ئارام داوای ئامێری ئەمەریکی کردووە بەڵام بابچین بزانین چیتان کریوە. تۆزێك با بێمەوە سەر باسی کەسانی پشت ئەم گەندەڵیانەوە، باشە دکتۆر کاوە چی دەکات لە مەکتەب وەزیر یەعنی ئەوەندە خەمی وەزیرە لەوی دانیشتووەو لە نەفسی خۆی کەمکردووەتەوەو بە مدیر مەکتەبی وەزیر قایلە یاخود دەستی لەگەڵ برادەرانی تەندەرو (ع. ق) تێکەڵە کە ئەمەش سەری مارەکەیە، بەرێزانی راگەیاندن بۆ ناپرسن کە د. کاوەو د. دارای بەرپرسی کۆمیتەی تەندروستی لە پارساڵەوە لە تاپۆی هەولێر چەند خانوو زەوی بە ناویانەوە کراوە، کە ئێستا هەمووی لەبەردەستمدایە کە لە دائیرەی تاپۆ دەستم کەوتووە بەم زوانە بڵاوی دەکەمەوە، ئایا د. کاوەو د. دارا بەچی ئەم هەموو شتەیان کری؟لەکوی یان بوو کەبە کاری مدیر مەکتەبی و کۆمیتە وە ناگاتە چەند گەڵایەك یان پارەی پزیشکیش چەند گەڵایەکە دیارە بەم چەند گەڵایە ئەم هەموو مولکەیان کریوە، کەوا پزیشکی هاوریيان هەیە وا ئیستا نەك مولك ناکرن بگرە پارەی موچەکەیان بەشی کری خانوو ناکات. ئەم دوو زاتە بە پاڵپشتی د. مجید کە ئێستا کارگێری مەلبەندە دەستیان داوەتە ئەم کارە. خۆشەویستانی راگەیاندن بۆ ناچن بپرسن و بزانن ئەم دوو سی برادەرە بەم ساڵە لە پریکا وا دەوڵەمەند بوون یان لەوانەیە ئەم هەموو مولکە دەستکەوتی پێشمەرگە بووبێت لە شەری قەیوان ماوەت وە بۆ ئەوان مابێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

16-6-2007 14:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە هەموو دونیادا من بیستوومە گوڵ دەبرێت بەدیاری، بەڵام پاش وەرگرتنەوەی وەزارەتی تەندروستی لە لایەن یەکیەتیەوە (ع. ق) هەڵسا بە بردنی مۆنیکای ژمارە ( ... ... ... ) بۆ د. مجید، بەرێزانم من دەمەوێت وەلامی ئەم بابەتەشم بدەنەوە بۆ ئەوەی هەموو موڵکەکان و ژمارەی ئەم مۆنیکایەشتان بۆ کەشف بکەم، ئەوەی شایانی باسکردنە (ع. ق) رۆژانە لە باخچە تایبەتەکەی د. مجید دا بینراوە هەروەها بینراوە لە چەندین شوێن و چێشتخانەی راقی شاری هەولێر دا. باشە بۆ کەس مۆنیکا بە دیاری بۆ من ناهێنێت. بەرێزان من هەروەك جاری پێشوو وەعدی خۆم گەیاندە جی و تەندەرەکەم بڵاو کردەوە ئەمجارەشیان وەعدتان دەدەمی کە چەند تەندەرێکی ترتان بۆ سکان بکەم و بڵاوی بکەمەوە بە رێژەی گەندەڵیەکەشیەوە، لەبەرئەوەی هەموو تەندەرەکانی وەزارەتم لەبەردەستە لەمەودوا تەندەر بە تەندەر بلاوی دەکەمەوە بە رێژەی گەندەڵیەوە. برادەرانی راگەیاندن من دەمەوێت ئیشتان بۆ بدۆزمەوە، تاوەکو ئاوا بی ئیش نەبن تاوەکو شەرێکی راگەیاندن لە نێوان من ئێوە روبداتن، لەمن تەندەرو گەندەڵی لە ئێوەش وەڵام ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.